پرۆفیسۆر کارینا داویشا

ئوستادی زانستیی سیاسەت لە زانکۆی میامی بۆ گوڵان:

# ئەگەر حکومەتی مالکی فەشەل بهێنێت کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا ئاسان دەبێت



**پرۆفیسۆر کارینا داویشا ئوستادی زانستی سیاسەت و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانە لە زانکۆی سیاسی لە ویلایەتی ئۆهایۆ و یەکێکە لەو ئەکادیمستانەی کە بایەخێکی زۆر بە تەنگژەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و عێراق و دەوڵەتانی سەر بە یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو دەدات.**

**بۆ شرۆڤە و هەڵسەنگاندنی بارودۆخی ئەمڕۆی عێراق و رەهەندەکانی سیاسەتی ئەمەریکا لە عێراقدا و ئایندەی هەرێمی کوردستان لە عێراق و پەیوەندییەکانی لەگەڵ تورکیا و دەوڵەتانی دراوسێی... گوڵان پەیوەندی بە پرۆفیسۆر کارینا کرد و بەرێزی بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە..**

### حکومەتی مالکی نەیتوانی پشتگیری ئەمەریکا بکات

یەکێک لەو بنەمایانەی ئیدارەی ئەمەریکی بۆ سەرکەوتن لە عێراقدا پشتی پێ بەستبوو هاریکاری حکومەتی عێراق بوو، د. نوری مالکی لە کۆبوونەوە تایبەتییەکەی لەگەڵ جۆرج بوش لە عەممانی پایتەختی ئەردن، ئیدارەی ئەمەریکای لە هاریکاری حکومەتی عێراق دڵنیا کردەوە و پاش ئەم کۆبوونەوەیە سەرۆک بوش رایگەیاند کە هاریکاری حکومەتی ئەمەریکا بۆ حکومەتی مالکی هاریکارییەکی بێ کۆتایی نییە و ئەگەر نەتوانن بەرپرسیارێتی هەڵبگرن ئەوا پشتگیری گەلی ئەمەریکایان نامێنێ.

ئێستا بارودۆخی بەغدا رۆژ لە دوای رۆژ بەرەو خراپتر دەچێت و حکومەتی مالکیش رۆژ لە دوای رۆژ لاوازتر دەبێت و ئێستا ئەمەریکا سەرقاڵی ئەوەیە بە دیواری کۆنکرێتی ئاسایشی بەغدا دابین بکات.

دەربارەی ئەم رەوشەی ئێستای عێراق پرۆفیسۆر کارینا گوتی: «حکومەتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا هەموو هێز و توانا و سەرچاوە هەمە جۆرەکانی خۆی خستەگەڕ بۆ ئەوەی بتوانێت هێزێکی زیاتر رەوانەی بەغدا بکات و ئاسایش و سەقامگیری دابین بکات، بۆ ئەوەی بتوانێت پشتگیری لە حکومەتی مالکی بکات، بەڵام ئەم هێزە نەیتوانی ببێتە پاڵپشت بۆ حکومەتی مالکی و حکومەتی مالکیش نەیتوانیی وەک پێویست هاریکاری هێزەکانی ئەمەریکا بکات هەر بۆیە ئەگەر حکومەتی مالکی بگاتە ئەوەی بڕوخێت، ئەوا حکومەتی بوش دەکەوێتە ژێر گوشارێکی گەورە و ئەم گوشارە گەورەیەش وا دەکات ئەمەریکا بیر لەوە بکاتەوە کە لە مەسەلەی کشانەوەی هێزەکانی لە عێراقدا زیاتر پەلە بکات».

لەم بارودۆخەدا کە رۆژ لە دوای رۆژ ئیدارەی ئەمەریکی دەکەوێتە ژێر گوشار و سەرۆک بوشیش دەسەڵاتی دەستووری خۆی بەکاردەهێنێت و بە ڤیتۆ رەتیدەکاتەوە، هێندەی دیکە گوشار لەسەر ئیدارەی ئەمەریکی زیاد دەبێت و ئەگەر سەرۆک بوش بشتوانێت لە بەرامبەری رابوەستێ،

ئەوا کاتی هێندە لەبەردەمدا نەماوەو، زۆر زەحمەتیشە بتوانێت لەم ماوە کورتەدا گۆڕانکارییەکی گەورە بخوڵقێت.

### نابێ کورد پشت بە کەس ببەستێت

گەڕانەوە بۆ مێژوو، ئەو وانەیەیە کە هەموو کات قوربانی دەستی بەرژەوەندی نێودەوڵەتی و بەرژەوەندی نێوان هێزە گەورەکان بووە، هەر بۆیە کاتێک ئەگەرەکانی ئاییندەی عێراق تاوتوێ دەکرێن و یەکێک لەو ئەگەرانە دەبێتە لەبەریەکهەڵوەشانەوەی عێراق، پرسی ڕاگەیاندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان دەبێتە ئەو ئەمری واقیعە کە کورد دەبێ بڕیاری خۆی بدات، بەڵام ئەم بڕیارە پێویستی بە وردبینی و سەیرکردنی پاشەڕۆژ و پاراستنی دەسکەوتەکان هەیە، هەر بۆیە کورد بە دوای ئەوەدا وێڵە بۆ پاراستنی ئەم دەوڵەتە پشت بە کێ ببەستێت و چۆن دەتوانێت لە نێوان ئەو هەموو دوژمنەدا کە هەریەکەیان لە کورد بەهێزترە خۆی بپارێزێت و، ڕاستە ئێستا وەک هاوپەیمانی ئەمەریکا و ڕۆژئاوا سەیری خۆی دەکات، بەڵام پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئایا ئەو هاوپەیمانییە هێندە پشتی پێدەبەسترێت کە کورد بتوانێت بڕیارێکی وا بدات؟

لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا پرۆفیسۆر داویشا بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن:

«ئەگەر شارەزایانی سەدەی بیستەم شتێکیان فێرکردین، ئەوەیە نابێ کورد مەزەندەی ئەوە بکات بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆ هیچ لایەک هاوکاری دەکات، کورد دەبێ بزانێت دەوڵەتانی ئەورووپای ڕۆژئاوا لە حاڵەتێکی وادا پشتگیری زیاتری تورکیا دەکەن، دەوڵەتانی عەرەبی نایانەوێت دەوڵەتانی سەربەخۆی کوردستان ببینن، ئێران خۆی کێشەی کوردی هەیە و نایەوێت بارودۆخەکە بەو شێوەیە بگۆڕێت، لە ناوەڕاستی چلەکان ڕوسیا پشتگیری کوردی کرد و بێگومان ئەویش لەبەر چەند هۆکارێک بوو کە لە بەرژەوەندی خۆیدا بوو، ئێستاش رووسیا تەنیا بەرژەوەندی لەگەڵ پارەو پەترۆڵدایە، هەر لایەک ئەو دوو سەرچاوەیەی هەبێت پشتگیری لێدەکات، ئەگەر کورد ئەم دوو سەرچاوەیەی هەبێت ئەوا زۆر لە هاوکێشەکان دەگۆڕێن،



**پەند وەرگرتن لە شەڕی عێراق ئەوەیە کە هێزێکی بچووک دەتوانێت هێزێکی گەورە ببەزێنێت**

بەڵام پەند وەرگرتن لە شەڕی عێراق ئەوەیە کە هێزێکی بچووک دەتوانێت هێزێکی گەورە ببەزێنێت، هەر بۆیە لەوانەیە کوردستانێکی سەربەخۆش بتوانێت ئەو هێزە ئەقلیمیانە ببەزێنێت کە دژی سەربەخۆی کوردستان رادەوەستن.

### هەتا ئەمەریکا لە عێراقدا بێت تورکیا ناتوانێت بێتە هەرێمی کوردستان

ڕەنگدانەوەی ئێستای ڕەفتاری دەوڵەتانی ئیقلیمی بۆ دەستێوەردان لە کاروباری ناوخۆی هەرێمی کوردستان، ڕەنگدانەوەی مەترسی ئەو دەوڵەتانەیە بەرامبەر بەو کیانەی لەم هەرێمەدا بەڕێوەدەچێت، سەرکردایەتی سیاسی کوردستان کە ماوەی زیاتر لە ١٥ ساڵە بە دیفاکتۆ سەربەخۆیە، بەڵام پێکەوەژیانی لە چوارچێوەی عێراقێکی دیموکراتی فیدراڵی هەڵبژاردووە، بەڵام دیسان دەوڵەتانی ئیقلیمی ئەم مافە بە کورد ڕەوا نابینن و هەڕەشەی لێدەکەن، بەتایبەتی هەڕەشەکانی ئەم دواییەی تورکیا بۆ سەر هەرێمی کوردستان دەربارەی ئەم هەڕەشانە پرۆفیسۆر کارینا گوتی: «ئەوە ئەگەرێکی زۆر دوور مەحاڵە تورکیا بتوانێت هێرش بکاتە سەر هەرێمی کوردستان، هەتا هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراقدا بوونیان هەبێت، ئێستا هەردوو دەوڵەت ئەندامی ناتۆن و لە هەمانکاتدا لە هەرێمی کوردستانیشەوە ڕێگە نەدراوە کە خاکی هەرێمەکە بۆ هێرشکردنە سەر تورکیا لە لایەنە کوردی تورکیاوە بەکاربهێنرێت.

هەر بۆیە من دڵنیام حکومەتی ئەمەریکا هەموو هەوڵی خۆی دەخاتە گەڕ بۆ ئەوەی نەهێڵێت پەیوەندی نێوان عێراق و تورکیا تێکبچێت. ئێستا سنووری هەرێمی کوردستان لەگەڵ تورکیا سەلامەتترین سنوورە و دەبێ ئاسایشی ئەم سنوورەش هەر بەو شێوەیە بمێنێتەوە بۆ ئەوەی وەک دەروازەیەک بۆ هێنانی کەلوپەل و پێداویستییەکانی عێراق سوودی لێوەربگرێت، لەلایەکی دیکەوە سوپای تورکیا کە ئێستا ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت بۆ هێشتنەوەی سیستەمی سکولاریزمی تورکیا، هەر بۆیە سوپای تورکیا کارێک ناکات کە سنووری خۆی ببەزێنێت، بەڵام لە حاڵەتێکدا ئەگەر ڕەفتارێکی واش بکات ئەوا نەک هەر ئەمەریکا بەڵکو یەکێتی ئەورووپا و ناتۆ دژی ڕادەوەستن.